# لە ئاکاری کۆیلایەتی بەرەو ئاکاری بەرپرسیاریەتی

سەعید کاکی



٢٣ی تشرینی یەکەم، ٢٠٢١   هزر

بۆ لێکدانەوەی ئەم بابەتە پشت بە ڕێچکە فەلسەفییەکان دەبەسین، بیروبۆچوونی ئەو فەیلەسوفانە دەهێنینەوە کە شیکارییان بۆ چەمکەکە کردووە. ڕەهەندی مێژوویی و بابەتی "ئاکاری کۆیلایەتی" و "ئاکاری بەرپرسیاریەتی" لێک دەدەینەوە. کە هەمان ڕەهەندی "فەلسەفیی ئاکاریین". لەلایەکی دیکەش پشت بە ئاکاری داوەری دەبەستین. واتە هەردوو بواری شیکاری و داوەری ئاکاری لەگوتارەکەدا تێکهەڵکێش دەکرێن. لە دەروازەی ئەو پرسیارانەوە دەچینە ناو بابەتەکەوە: ئاکاری کۆیلایەتی چۆن سەر هەڵدەدات؟ و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی چیین و هەروەها ئاکاری بەرپرسیاریەتی چۆن دەتوانێ جێگەی بگرێتەوە؟

**ئاکار چییە؟**

لە زمـانی ئینگلیســـی بۆ ئـاکـار دوو چەمکی moral و ethics کەڵـک وەردەگـرن. مـوراڵ، فەلســـەفەی ئـاکـار بەگشـــتی دەگـرێتەوە و بە میتائاکار[ئاکاری شـــیکاری] ناودێر کراوە. مەبەســـت لێکدانەوەی چەمکە بنەڕەتییەکانی وەکوو چاکە، خراپە، خێر و شـــەڕ و ... لەم جۆرە نموونانەدا. بەڵام ڕەگی ethicsدەگەڕێتەوە بۆ "ئیتۆس" و "واتـای خوورەوشـــــت" دەگەیەنێ. لە زمانی کوردیدا دەکرێ مۆراڵ بۆ فەلســـەفەی ئاکار بەکار بێنین و وەکوو ســـیســـتەمێکی بەربڵاوی لێکدانەوەی چەمکەکان و پرســـیارە بنەڕەتییەکانی ئاکار لە کۆنەوە تاکوو ئێســـتاکە لە بەرچاوی بگرین و لایەنی گشتیی ئاکار لێک دەداتەوە، بەڵام چەمکی ethics بۆ "ڕەوشت" بەکار دێت. فەلســـــەفەی ئاکار، چوارچێوەی ئەو توێژینەوە فەلســـــەفی و تیۆریانەیە ســـەبارەت بە بەها ئاکارییەکانی مرۆڤ. بۆ تێگەیشـــتن لە بەها ئاکارییەکان کاریگەریی ڕاســـتەوخۆ لە ژیانی مرۆڤەکاندا دروســـت دەکات. بەتایبەتی لە دەربڕین و هەڵوێســـتەکانیان و پەیوەندیی لەگەڵ خەڵک و کردەوەکانیان، کە بە چ شـــیوەیەک بڕیار دەدەن. بۆیە خەڵکی کەمتاکورتێک هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی ژیـانیـان لـەگـەڵ بەهـا ئـاکـارییەکـان یـەک بخـەنەوە، بەڵام نـەک بـە شێوەیەکی ڕاشکاوانە، بەو جۆرەی کەوا هەندێک شێوەی ژیان لە هەندێکی تر بەپێزترە ( ولیامز، ۲۹:۱۳۸۳).

**پێشینەی فەلسەفیی ئاکاری کۆیلایەتی**

سەرەتا پێناسەی ڕەوشتی کۆیلایەتی لە لایەنە فەلسەفییەکەی و لە سۆنگەی فەیلەسوفانێکەوە ئاوڕیان لە بابەتەکە داوەتەوە لێک دەدرێتەوە.

لە لایەنی مێژووییەوە یەکەم فەیلەســـوفێک کە ئـاکـاری بە شـــێوازێکی فەلســـەفییانە لێکدایەوە ســـوکرات بوو. ســـوکرات یەکەم کەس بوو پرســـیارە بنەڕەتییەکانی وەکوو (چاکە و خراپە) دادپەروەری، چاکەکاری و... لە ئاکاردا لێک داوەتەوە و بناغەی فەلسەفەی ئاکاری داڕشت. بەڵام زۆر جار بە تەوس و تەشـــەرەوە ڕەخنەی لە کۆمەڵگەی خۆی دەگرت. شـــێوازی لێکدانەوەی ســـــوکرات، پۆزیتیڤی بوو واتە لای وابوو مرۆڤ بە بەڵگەهێنـانەوە و لێکدانەوەی پرســیارەکان دەتوانێ ئامانجە فەلســەفییەکانی خۆی دەســتەبەر بکات. ڕێچکەیەی ســـوکرات ئێســـتاکە لە فەلســـەفەی ئاکاری شـــیکارییدا بەردەوامە. لایەنە تەوســـاوییەکی لە فەلســـەفەی کییەرکەگۆر و نیچەدا دەردەکەوێت هەرچەند ڕەخنەگرەکەی ســوکرات بووە. نیچە وەکوو کەســێک لە ئاکاردا دەردەکەوێت ڕەهەندە نێگەتیڤەکەی دەگرێتەبەر، لای وایە ئاکاری ڕۆژاوا لە ســـوکراتەوە تاکو ئێســـتاکە کۆمەڵێک ئامۆژگاری بووە لە لایەن

کەســـــانێکەوە پشـــتگیری لێکراوە جگە لە چـانـدنی توخمی ڕقوقی Resentment شـــتێکی ئەوتۆیـان بۆ کۆمەڵگە نەخولقـانـدووە. بەتـایبەتی ئاکاری سـوکڕاتی - مەسـیحی نموونەی هەرە زەقی ئەم چەشـنە لە ئاکارە. نیچە لای وابوو ئاکاری مەســـیحی کولتوورێکی خولقاند مرۆڤە مامناوەند و پڕ لە ڕقوقینەکان جگە لە دواکەوتوویی شـــتیکی ئەوتۆیان نەخولقاندووە. کلێسـە بەردەوام کاری ئەوە بووە دوژمنەکانی خۆی لەناو ببات. ئێسـتاش لە جیهانی سیاسـەت، دوژمنایەتی زیرەکانەتر، وردبینانەتر و بە کردارێکی نەرم ئەمە جێبەجێ دەکەن(نیچە، ل٥٨). نیچە لای وابوو دوو جۆرە ئـاکـار لە نەریتی مەسیحی سەر هەڵدەدا: ١)ئاکاری سەروەرەکان ٢) ئاکاری کۆیلەکان. ئاکاری ســـەروەرەکان لە دڵی ژیانەوە ســـەر هەڵدەدا و گوێ بە نەریت و نۆرمی دواکەوتووی کۆمەڵگە نادات و خەسلەتێکی ناوەکیی داهێنەری تێدایە، هـاوشـــێوەی هونەرمەندێک بەرهەمێک دەخولقێنێت و پڕ لە تازەگەری و جوانییە[1]. بەڵام ئاکاری کۆیلایەتی دژ بە ژیان دەوەســـتێتەوە، ئەوەی لەگەڵ ئاکاری ئەو نەگونجێت پووچەڵی دەکاتەوە. بەها ئاســـتنزمەکانی کۆمەڵگە وەکوو ترسنۆکی، چاکەکاری، یەکسانی... زەق دەکاتەوە و دەیکات بە ئاکاری پلەبەرز. ئاکاری کۆیلایەتی، دوالیستییانە بیر دەکاتەوە، بە شێوەی ("ڕاستی-ناڕاستی"، "چاکەکاری-بەدکاری") دەردەکەوێت. ئاکاری کۆیلە ناتوانێ ئاکاری ســەرەورەکان پەســـەند بکات، بۆیە پشـت دەبەسـێت بە ئاکارێک کە لەناو کۆمەڵگەدا باوە وەکوو (بەزەییهاتنەوە)، چاکە، یەکســـانی، ویژدان.. و لەو جۆرە ئاکارەی کەوا کەســـانێک بۆ مانەوەی هێزی خۆیان و درێژەدان بە هـێزی خۆیـان کەڵکی لێوەردەگرن. چـاکەکـارەکـان هەمـان کەســـە چـارەڕەشـــەکانن، چاکەکان هەر ئەو کەســـە هەژار و بێدەســـەڵات و ئاســـتنزمەکانن، لایەنگری ئیمان هەر ئەو کەســـە ڕەنجەڕۆ و نەخۆش و نـاشـــیرینەکـانن و ئەمـانەن بە ڕزگـاری دەگەن و ئەوانەی ســـەرەوەر و دەسەڵاتدارن تۆڵەیان لێدەکرێتەوە. (ڕەچەڵەکناسیی ئاکار، ل٣٩). ئەگەرچی لە فەلســەفەی 'کانت'دا باس لە ئاکاری سـەروەری و ژێردەسـتەیی کراوە بەڵام مەبەسـتی کانت ئەوە نەبوو ئەم دوو چەمکە پاسـاو بدات، بەڵکو کانت پتر لە هەمووی ئەرکی ئاکاری و پشتبەسـتن بە یاسـاکانی ئاکاری بەباش زانیبوو، دواتر هێگل درێژە بەم بۆچوونە دەدات و لە کتێبی "دیاردەناســـیی ڕۆح"دا چەمکی کۆیلە و خاوەن کۆیلە لە سـۆنگە مێژووییەکەی بەڵام بە شـێوەیەکی ژوورهەســـت شـــی کردووەتەوە، دواتر مارکس گرێی دەدات بە ئابووریی سـیاسـی و کێشــەی نێوان خاوەن ئیش و کرێکار، لە ڕێگەی کار کە کرێکار

[1] perspective ڕوانگەیەکە نیچە داهێنەری بووە.

دەیکات و بەهرەکەی خاوەن کار دەیخوات لێک دەداتەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە و تەوەری باســـەکەی ئێمەیە لایەنی ئـاکاری کۆیلایەتییە. گەرچی ئاکاری کۆمەڵگە پەیوەندیی بە لایەنی ئابووری، ســـیاســـی و شـــێوازی پەروەردەی کۆمەڵگەوە هەیە و بەدەرلەمە نییە. هەڵســـوکەوتی مرۆڤەکـان پەیوەندیی بەو لایەنانەوە هەیە باســـمان کرد. ئەمانە وەکوو چەشـــنێک لە دیـالێکتیک پێکەوە تێهەڵکێش کراون. کۆمەڵگاکـانی ئێمە بە هۆی ئەوەی کە پەروەردەکەی پشـــتی بە میتافیزیکی ئایینی بەســـتووە زۆربەی چەمکەکانی ئاکار دوانەیین[دوالیزم] واتە لە جۆری دوانەی چاکە/خراپە، ڕاست/ ناڕاست، ڕەش/ســـپی .... و لەم جۆرە چەمکانەیە و بە بەردەوامی لە ئامۆژگارییەکاندا ئەم چەمکـانە دووپـات دەبنەوە. بەشـــی زۆری ئـاکـارەکە ئـامۆژگـارییـن و هەندێک شـرۆڤەی کۆنی ئاکاری ئەرسـتۆیشـی پێوە دیارە. بۆ نموونە "ڕادەی مامناوەندی" لە ئاکاری ئەرســتۆدا ئەویش بە شــرۆڤەیەکی ئایینی کاریگەریی لەســـەر میتافیزیکی ئایینی داناوە. شـێوازێکی دیکەش لە هەڵسـوکەوت هەیە خەڵکی بەپێی ژینگە و کولتوورێک کە مرۆڤەکان تیایدا گەورەبوون خاوەنی ئەو خەسڵەتانەن یان زۆر ترسنۆکن یان زۆر بوێرن یان ئەوەی کە هۆشیان بەیەکترەوە هەیە و یارمەتی یەکتر دەدەن. بەڵام ئەوەی گرنگ بووە ئەوەیە، بەردەوام ئەم ئـاکـارەدا لایـان وابووە چـاکە، ڕاســـتگۆیی و ڕۆشـــنـایی ســەردەکەوێت. لەم میتافیزیکەدا ئاکار وەکوو بابەتێکی ســەربەخۆ نەیتوانیوە کاری خۆی بکات، بەڵکوو پێشـــبڕیارەکانی وەکوو ئامۆژگاری بەبێ ئەوەی کەســـەکە خۆی تێدا بە هۆشـــیاری و ئازادی گەیشـــتبێت وەکوو کوتەک بەسـەریەوە بووە و هەموو شتێکی دیاری کردووە و مەرجی بۆ داناوە، زۆر جاریش لە ڕێگەی ترس و تۆڵەی دواڕۆژ ئەمە تۆختر سەپێندراوە. ئەشعەری دیـارترین کـاراکتەری ئەم مۆدێلە هزرییەیە ، لە کەلامی ئەشـــعەرییدا تـاک خۆی ناتوانێ لە دەرەوەی میتافیزیکی ئایینی، خۆی ســـەربەســـتانە لەســـەر چەمکەکـانی ئـاکـار بڕیـار بدات. دواتر کەلامی موعتەزیلە لەژێر کـاریگەریی عەقڵی[نۆســی] یۆنانی کەمێک بایەخ بە ئیختیار و ســەربەســتی دەدات. بەڵام دواتر بە زاڵبوونی شــەرع بەســـەر عەقڵ بۆ هەمیشــە عەقڵ دادەخرێت. ئاکار وەکوو لقێکی گرنـگ و پێویســـتی مەعریفەی مرۆیی لە چوارچێوەی ئامۆژگاری و گوتەزای ســـادە دەمێنێتەوە. واتە هیچکام لە لقەکانی ئاکار وەکو ئاکاری ژینگە، ئاکاری تەکنۆلۆجی، مێژووی ئاکار، میتائاکار، ئاکاری پزیشـــکی و ..... گەشـــەی نەکردووە. هەڵســـەنگاندنی ڕاســـتی کۆمەڵگە دەریـدەخـات دۆخی ئـاکـار لە کۆمەڵگەکـانی ئێمە بەچ شـــێوەیەکە. بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتە پێویســـتە دوو چەمکی وەکوو تاک و کەســـێتی لێک بدەینەوە.

## تایبەتمەندییەکانی ئاکاری کۆیلایەتی

ئاکاری کۆیلایەتی لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ژێردەستەیە. واتە کۆمەڵگەیەکە مرۆڤەکانی هەست بە خۆبەکەم زانی دەکەن و بەردەوام ئەم هەستەیان تێدا دەبووژێتەوە و زۆر جاریش ڕازین بەوەی کە کۆیلەن بۆخۆیان بەردەوامی بەم گوتارە دەدەن. واتە ژێردەستەیی ئاکاری کۆمەڵگە، خۆیان مێژووی خۆیان ساز نەکردووە و ژیانی خۆیان سپاردووەتە دەست چارەنووسێکی نادیار. زۆر جاریش پەنا دەبەنەبەر خودا بۆ ئەوەی بەرپرسیاری لە خۆیان دابماڵن. کۆیلە تاکی تەریک و کەسایەتی نییە، واتە عەقڵی بەپێی بەرژەوەندی کاتی بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی جەماوەری بەرەوپێش دەبات. وەکوو مشەخۆرێک و بەدوور لە پرەنسیپەکانی ئاکار دەجولێتەوە. کۆمەڵگەی لێکترازاو کەوا لە بەپرسیاریی ئاکاری و یاسایی خۆی دوور کەوتۆتەوە و زۆر جاریش لەناو دامودەزگاکان هەلپەرەستانە و کاربەرێکەرانە هەڵسوکەوت دەکات. زۆر جاریش ئەم کەسانە تاک ڕەهەندانە خیانەت لە "یاسای زێرینی"[2] ئاکار دەکەن، واتە ڕەنج و مەینەتی کۆمەڵگەیان لەبیر دەچێتەوە، بەردوام کەسانی چەوساوە زیاتر ژێرپێی دەخەن.[3] مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی ئێمە زۆر جار هەلپەرستی دەکەنە ئامرازێک بۆ بەرژەوەندیی ئابووری و هەلپەرستیش دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی کەسایەتی و نەبوونی یاسا و پرەنسیپەکانی ئاکار. دیارە هەموو کۆمەڵگەیەک چینی هەژار و سامانداری هەیە، زۆر جار هەژارەکان ڕقیان لە چینی ساماندار و دەوڵەمەندە بەهۆی ئەوەی کە ناتوانن وەک ئەوان بەئارەزووەکانیان بگەن. بەڵام چینی ساماندار بۆ پاراستنی سامانەکانیان ڕێک هەڵسوکەوتی هەژارەکە دەگرنەپێش، بەڵام بە خوویەکی ناشیرین و نامرۆڤانە و درندەیی وەکوو چاوبرسیەتی. بەڵام بەپێچەوانەی چینی هەژار، ساماندار و دەوڵەمەندان کێشەیەکی وەکوو چاوبرسییەتیان هەیە، ئەم چاوبرسیەتییە لە دۆخی ئاساییدا دەرناکەوێت، لەکاتی قەیرانی ئابووری و سیاسیدا خۆی زەق دەکاتەوە. هەموو شتێک بەپێی پارە هەڵدەسەنگێنن. چاوبرسییەتی، ئارەزوو و حەزی بەربەرەڵایانە، هەلپەرستی، دووڕوویی و موونافقی بەشێکی سەرەکیی بەدڕەوشتی ئاکاری کۆیلایەتی پێک دەهێنێت. لە ئاکاری کۆیلایەتیدا دوو ڕێسای ناشیرین و نامرۆڤانەی وەکوو بەزەییهاتنەوە و سواڵکەری[دەرۆزەکەری] باوە. بەزەییهاتنەوە هەستێکی دەروونی

---

[2] golden Rule لەم یاسایەدا ئەوە گرنگە گەر ناتەوێ خەیانەتت لێ بکەن باشتروایە خەیانەت بە کەس نەکەیت.

[3] نموونەی زەقی ئەم بۆچوونە لە کتێبی "ئایشمەن لە ئۆرشەلیم" نووسینی هانا ئارێنت بەچڕوپڕی لێکدراوەتەوە. نموونەی ئەو شتانە لە کۆمەڵگەی خۆمان بەزەقی دیارە.

دووڕووانەیە بۆ خۆ دەربازکردن لە بەرپرســـیاریەتی و مرۆڤبوونەوە، خۆ دزینەوە لە بەها و نۆڕمەکانی ئاکارە، زۆرتر ڕەوشــتی کۆمەڵگەیەکە هێشــتا مرۆڤەکانی "نیوە وەحشـــین" و بە شــــارســــتانی بوون نەگەیشــــتوون. بەزەییهاتنەوە چەشنێک نەخۆشی دەروونییە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان کارێک بۆ بەرانبەرەکەیان نەکەن و بێ ئەوەی کارێک بکەن منەتیش بکەن بەســەریاندا، بەزەییهاتنەوە هەســـتێکی نەخۆشـــە بۆ خۆدزینەوە لە ئاکار. تەنانەت ئەو شــرۆڤەیەش لە فەلســەفەی ئاکاری نیکۆماخۆســی ئەرســتۆ باس لە "ڕادەی مامناوەندی" دەکات و دواتر لە ڕێگەی وەرگێڕانی عەرەبە مەســـیحییەکان دێتە ناو جیهانی ئیســـلام لە خۆیدا گرفتێکی گەورەی ســـاز کردووە. واتە ڕێسای "ڕادەی مامناوەندی" لای وایە لەنێوان دوو کردەی وەکوو چاوچنۆکی و بێتەماحی "ڕادەی ناوەند" هەڵبژێرن کە هەمان کەمتەماحییە. ئەم بۆچوونە لەخۆیـدا مرۆڤێکی پـاوانخواز دەخولقێنێـت ڕێـک پێچەوانەی ئەو ئـاکـارە دەجولێتەوە. واتە هەردوو لایەنی زێدەڕۆیی و کەمکاریی بەپێی بەرژەوەندیی خۆی جێبەجێی دەکـات. واتە ئەگەر A کردەیەکی چـاوچنۆکـانە بێت و B کردەیەکی بێتەماحانە بێت و C ڕادەی مامناوەندی واتە کەمتەماحی بێت، لە کۆمەڵگەی ئێســتاکە بەپێی بەرژەوەندی و هەلپەرستیی کاتی لەلایەک Aیە و لەلایەکی دیکەشB یە. هەلپەرســـتی و نەبوونی ڕەوشـــت  و بەرژەوەندیی کاتی و چاوبرســـییەتی وای لێکردووە لە هەردوولا بخوات. ڕادەی ناوەندی مرۆڤێکی بێوەیی و ســادە و لە هەمان کاتیشــدا مەترســیدار بەپێی هەلومەرج دەخولقێنێت. تێکچوونی کولتوور و ئـاوەزی کۆمەڵگە ئەم جۆرە کەســـــانە دەیکەن[٤]. نیچە لە کتێبی ((وەهـای گوت زەرەدەشـــت)) ئـاکاری کۆیلەی بەم شــــێوەیە وەســــف کردووە؛ ئێمە ئەرکی کولتووریکمان لەئەســـتۆدایە و دەســتەبەرمان کردووە و لەو کولتوورەدا گەشــەمان کردووە و چاودێریشــی دەکەین. نیچە مرۆڤەکانی بەم شـــێوازە لێکداوەتەوە: ١.مرۆڤێکە بە «وشـــتر» ناودێری کردووە، چونکە وشـــتر زوڵم لێکراو و بارهەڵگرە و ئەمە «قۆناغی نەریتی» یە. ٢.قۆناغی ⟵ شـــێرئاســـا، لەم قۆناغەدا، هێرش دەبا بۆ نەریتە کۆنـەکـان و تێکۆپێکی دەدات. ٣.قۆنـاغی منـداڵی ⟵ وەک چۆن منـداڵ تـازە لەدایک دەبێت، پشــت لە هەموو نەریتێک دەکات و دژی ڕادەوەســتێ و شــتێکی نوێ دەخولقێنێت (فەلســـەفەی هاوچەرخ، ل٥٦). هێندەی کە مرۆڤ لە ئاکاردا پاوانخواز بێت بە هەمان ڕادەش کرداری لە ڕاســتیدا پاوانخوازانە دەردەکەوێت. بۆیە دەبینی ئاکاری دووڕوویی بەشێکی گرنگی ڕاستییەکانی ئێمە لەناو خێزان پێک دەهێنێت. مرۆڤەکان لەماڵەوە ئازاد و ســـەربەســـتانە دەجولێتەوە، بەڵام

---

[٤] کورد وتەنی لەلایەک خوایان دەوێت و لەلایەکی دیکەش خورمایان دەوێت

لەدەرەوە و لەناو کۆمەڵگە بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوت دەکەن. هۆکارەکەشی زۆر جار داخرانی سیاسی و داخرانی کولتووریشە، واتە لەماڵەوە و لە تەنیایی خۆییدا ئازادە و لەدەرەوە کۆیلەیە، گەرچی ئەوە دژ بە بنەماکانی ئازادییە و ئەمەش جۆرێک لە کۆیلایەتی و تاکی تەریکە هێشتا کەسایەتی پێنەگەیشتووە. تاکە کردارێکش لەدەرەوە ئیشی پێ دەکرێت زمانێکی پڕ لەجامە لوسێکی و ماستاوچیانەیە و زۆر جار لەناو دامودەزگاکان دەربڕینی وەکوو "نۆکەرتم" یان "کوڕەکەم نۆکەرتە"، "کچەکەم قەرەواشتە" جۆرێک لە ڕەوشتی ژێردەستەیی و دەستەمۆبوونی پێوەدیارە. یان زۆر جار ستایشی لەڕادەبەدەری یەکترە واتە پیاهەڵدان و لۆمەکردن وەکیەک وایە. بەڵام ئەم هەڵسوکەوتە درۆیە ڕاستییە زبر و ناشیرینەکەی لێدانی یەکتر لەپشتەوەیە، ئەو شتەی کە پێی دەگوترێ لە "پاشخایی" قسەکردن و "بوختان هەڵبەستن" و ئەمەش شکاندنی کەسایەتیی یەکترە. واتە پیاهەڵدان و لێدانی کەسایەتیی یەکتری یەک پێناسەی هەیە و ئەویش بڕەودان بە ئاکاری کۆیلایەتی و مێگەلە. هەموو دادەبەزێنێت بۆ یەک ئاست، واتە هەموو وەک یەکن، جیاوازی و فرە ڕەنگییەکان لەناو دەچێت. مرۆڤە کۆیلەکان لە داخرانی کۆمەڵایەتی و داخرانی ئازادی و بێدەنگبوون لە ئاست بەرپرسیارییەکان و تەنانەت خۆدەزینەوە لە ئەرکە مەدەنییەکانیان کۆمەڵگە بە شێوەی نەریتی و دواکەوتووانە دەهێڵنەوە. زۆر جاریش کەڵەکەبوونی پڕۆژەی پێشکەوتن و بە شارستانی بوون و ئازادی هەمووی مایەپووچ دەبێت. ڕێگەی دەربازبوون لە ئاکاری کۆیلایەتی پشتبەستن بە ئاکاری بەرپرسیاریەتی و بەهاکانی ئاکاریی مەدەنیانەیە.

## لێکدانەوەی چەمکی تاک و کەسایەتی لە ئاکاردا

تاکی مودێرن کەسێکە سەربەستە و خاوەنی ئیرادەیە و تاکێکی ئازادە خۆی بڕیار لەسەر ژیانی خۆی دەدات، واتە ژێردەستە نییە کەسێکی دیکە بڕیاری بۆ بدات و چاکە و خراپەی لەپێشدا بۆ دیاری بکات. ئەم تاکە کاتێک لە کۆمەڵگەدا هەست بە بەرپرسیاریی لە پێناو خۆی و کۆمەڵگە دەکات دەبێ بە کەس person یان ماکس شیلەر وتەنی دەبێ بە "کەسی کەسەکان" کەس و کەسایەتی خاوەنی عەقڵی سەربەخۆیە و خۆی لە لەتاکبوون دەرباز کردووە و بەشێکی چالاک و زیندووی کۆمەڵگەیە و هەستی بەرپرسیاربوونی زیاترە و چالاکە و لە بوارە مەدەنییەکاندا ئیش دەکات و باوەڕی بە ئازادی و مرۆڤایەتی هەیە. هەوڵی بۆ دەدات تەنیا لە تاکبووندا نامێنێتەوە و تاک کاتێک ناگاتە ئاستی کەسایەتی ئەوە بوونی لەخۆیدا دەمێنێتەوە و ناچالاک و تەریک دەبێت. بە شێوازی ئیگزیستانسیالیستی بوونی لەخۆیدا نامۆیە و هۆشیاری نییە و واتە قەتیسبوونە لە ژیانی ئاسایی. ئەم بۆچوونە بەشێکی

گرنگ لە مشتومڕەکانی فەلسەفەی ئاکار و سیاسەتە. واتە مرۆڤبوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ گەشەکردنی کەسایەتی و هەستی بەرپرسیاریەتیی لە پێناو کۆمەڵگە و ئەمەشە دەتوانێ کۆمەڵگە لە لێکترازان دوور ڕابگرێت. لە بەرپرسیاریدایە ویژدان زیندوو دەمێنێتەوە. دیارە ویژدان بەتەنیا ناتوانێ کێشەکانی ئاکار چارەسەر بکات، چونکە ویژدانی هەرکەسێک بەپێی پەروەردەکەی گەشە دەکات، ویژدان بابەتێکی دەروونییە و زۆر کەس هەیە لە پێناو بەرژەوەندی تاکەکەسی، ویژدانی نامێنێت، بەڵام ویژدان لە کاتێکدا زیندووە پەیوەند بە هەستی جەماوەرەوە بێت ئەگینا بە تاکی تەنیا ویژدانی هەرکەسێک بەپێی هەستەکانی دەگۆڕدرێت. باشتروایە ویژدانی کەسەکانی ناو کۆمەڵگە پێکەوە لەگەڵ گشتدا یەک بگرێتەوە. چونکە هەستی سادە و خاو بۆ خۆی کۆسپێکی گەورەیە لە بەردەم گەشەی عەقڵانیی کۆمەڵگەدا.

## لێکدانەوەی چەمکی بەرپرسیاری

دیارە بەرپرسیاری سێ لایەنی گرنگی هەیە پێویستی بە لێکدانەوەیە: ١بەرپرسیاریی مەدەنی، ٢- بەرپرسیاریی ئاکاری، ٣- بەرپرسیاریی کوشتن.

١- **بەرپرسیاریی مەدەنی**: مانای ئەوەیە، کەسێک زیان بە کەسێک دەگەیەنێ. بۆ نموونە A زیان بە B دەگەیەنێ، لێرەدا پێویستە A زیانێ کە بە B گەیاندوویەتی قەرەبووی بکاتەوە و هەروەها لەو تاوانەی کردوویەتی یان لە ڕوویی نەزانی بووە یان بە ئیرادەوە حەزی خۆی بووە بەرپرسە. ئەم شێوە لە بەرپرسیاری پەیوەندیی بە تاکەکانی ناو کۆمەڵگەوە هەیە. بۆ نموونە مرۆڤەکان لەبەرانبەر خستنەوەی منداڵدا بەرپرسیارن، مامۆستا لەبەرانبەر خوێندکار، دەسەڵاتدار لەبەرانبەر دادپەروەری و ئازادیی وڵاتەکەی بەرپرسیارە...

٢- **بەرپرسیاریی کوشتن**: ئەم شێوەیە لە بەرپرسیاری لەسەر کەسێک ساخ دەبێتەوە، تاوانێکی کردبێت و ئەم بەرپرسیارییە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئاکاردا هەیە. بۆ نموونە کەسێ کە تاوانی نەکردبێت لە خۆڕا یاسا لێی ناکۆڵێتەوە، مەگەر ئەوەیکە بە ویستی خۆی تاوانێکی کردبێت. لەم شێوە بەرپرسیارییەدا سزای دیاریکراوی هەیە، بەبێ ئەوەیکە بەرپرسیاریی ئاکاری لە بەرچاو بگرین، کەسی تاوانبار سزا دەدرێت. "بۆ نموونە شۆفیرێک لەکاتی لێخوڕینی ماشیندا کەسێک دەکوژێت." لێرەدایە بەرپرسیاریی مەدەنی و بەرپرسیاریی کوشتن لێک نزیک دەبنەوە. چونکە بەپێی یاسا شۆفیرەکە

سەرەڕای ئەوەی کە پێویستە لە لایەن یاسای هاتوچۆ سزا بدرێت، هەروەها تاوانێکە کردوویەتی دەبێت قەرەبووی بکاتەوە.

٣ــــ **بەرپرسیاریی ئاکاریی:** پێناسەی ئەم شێوەیە لە بەرپرسیاری لەوەدایە، پەیوەندیی بە زەرورەتی یاسای ئاکاری و هەروەها ویستی ئازادەوە هەیە. واتە کردەیەک زەروورەتی هەیە کەوا ئەو کردەیە هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ هاندەرێکی سروشتی، یان ئەو کردەیە لەژێر کاریگەریی ویستی کەسێکی تر بێت و ئەو کەسە خۆی بەرپرسی کردەوەکانی خۆی نییە. جیاوازی ئەم شێوە لە بەرپرسیاری دەگەڕێتەوە بۆ بکەری کارەکە و هەروەها لەو کارەی کردوویەتی هۆشیار و سەربەستە و لەژێر گوشاردا نییە و چاوبەستووانە ئەو کارە ناکات. لێرەدا چەمکی "تێگەیشتنی بەرپرسیاری" دێتە ئاراوە و ئەویش ئەوەیە، بەهایەکە بکەری کارەکە بۆ کردەکەی خۆی دایدەنێت و هەروەها بڕیارێکە دەیدات بۆ ئەوەی کە لە ئیشەکەیدا سەرکەوتوو بێت. دیارە تێگەیشتن لە چەمکی بەرپرسیاری دوو لایەنی هەیە: لەلایەک پەیوەندیی بە ڕابردوو هەیە و ئەویش بریتییە لەوەیکە ئەو کەسە لەو هەڵانەی لە ڕابردوودا کردوویەتی ئاگادار بێتەوە. دووەم: پەیوەندیی بە داهاتوو هەیە و ئەویش بریتییە لەوەیکە، مرۆڤ بەپێی پێویست لە هەندێک کاردا پسپۆڕ بێت بۆ ئەوەی هەندێک دەستکەوتی باشی بۆ دابین بکرێت. (سەلیبا، ١٣٦١ : ٥٨٩).

| | |
|---|---|
| بەرپرسیاریی ئاکاری← | بەرپرسیاریی سیاسی |
| پەروەردەی زانستی و مودێرن← | بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی←<br>بەرپرسیاریی ئابووری←<br>بەرپرسیاریی دامودەزگاکان |

**ویستی ئازاد و ئیختیار**

لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا تاکو ئێستا ئەو لایەنانەی کەوا پەیوەندییان بە ئاکار، خواناسی و فەلسەفەوە هەیە لێک نەدرانەتەوە. بۆ نموونە ئایا مرۆڤ ئیختیاری هەیە یان ئەوەیکە جەبرێکی مێتافیزیکی یان کۆمەڵایەتی بەسەریدا زاڵە! لێرەدایە باس لە ئیختیار و ویستی ئازاد دێتە ئاراوە. دیارە تا ئەو کاتەی کە مرۆڤ ئەو ڕەهەندە مێتافیزیکییانەی لە مێشکیدا وەکوو جیهاندیدێک قۆزاخەی بەستووە لێکی نەدابێتەوە ناتوانێ خۆی بە کەسێکی ئازاد و سەربەست بزانێت. ئەوانەی باوەڕیان بە ئیختیار هەیە لایان وایە، مرۆڤ خۆی لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا سەربەستە و هیچ جەبرێک لە ئارادا نییە، ئەگەر ئیختیاری نەبێت هەست بە بەرپرسیاری ناکات و پەنا دەباتە بەر جەبری کۆمەڵگە و لە هەموو خراپتر جەبری میتافیزیکییە، واتە ئەو شتانەی وەکوو پێشگریمانە و بەبێ هەڵسەنگاندن لە مێشکیدا بناغەیان داڕشتووە. "پێویستە ئێمە دوو گریمانە لە بەرچاو بگرین: ١ـ دانپێنان بەوەی کە خەڵکی لەو شتانەی هەڵیدەبژێرن ئازاد و سەربەستن، دیارە مرۆڤ وەکوو ئاژەڵەکان نییە. ٢ـ پێویستە ئەم بۆچوونە پەسەند بکەین کەوا هەڵبژاردن و کردەوەکانی مرۆڤ سەرچاوەیەکی ڕوون و عەقڵانی هەیە و لایەنێکی ناهۆشیارانەی نییە و مرۆڤ ئەوکارەی کەوا ئەنجامی دەدا چاوبەستووانە نییە و بە بابەتێکی مێتافیزیکی ئاسمانییەوە گرێی نادات." (فرانکنا، ١٣٨٣ : ١٦٥).

### پێناسەی ئازادی

لێرەدا پێناسەی ئازادی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئیختیارەوە هەیە و ئەمەش ڕێک ڕێگە بۆ بەرپرسیاری یان نا-بەرپرسیاربوونیش خۆش دەکات. کەواتا مەبەست لە ئازادی چییە؟ لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینە بەردەست، ئایا شۆفیرێک ئازادە بەپێی حەزی خۆی ماشینەکەی لێخوڕێت؟ یان سیاسەتمەدارێک ئازادە هەرچی حەزی لێیە بیکات؟ ئایا کەسێکی ئایینی ئازادە سنوور بۆ یاسا دابنێت یان نا؟ ئایا مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا ئازادە بە حەزی خۆی هەرچی بەباش دەزانی بیکات؟ لێرەدا پێویستە ئەمە ڕەچاو بکەین ئازادی هۆشیارییەکی مەدەنییانەیە و لە پێشدا بیرکردنەوە و

پەروەردەی هۆشـیارانە، ئازادیی مرۆڤەکان دەسـتەبەر دەکات. پێویسـتە بۆ لێکدانەوەی بابەتەکە ئاماژە بە ئازادی لە ڕوانگەی دوو فەیلەسـووفی جیا و ناکۆک بەیەکتر بکەین. یەکەمیان "ئایزایا بەرلین"ە و ئەوی تریش "ژان پۆل سـارتەر"ە. ئایزایا بەرلین لەسـەر ئازادی پێناسـەیەکی ژیرانەی هەیە. بەرلین لە فەلسـەفەکەیدا باسـی لە دوو شـێوازی ئازادی کردووە : یەکەم: ئازادیی ئەرێنی، دووەم: ئازادیی نەرێنی. ئازادیی ئەرێنی مانای سەربەستیی عەقڵانی دەگەیەنێ و ئازادیی نەرێنی، واتای نەبوونی کۆت و بەندی داسەپاو لە لایەن کەسانێکی تر دەگەیەنێ. بۆ ئەوەیکە ئێمە خاوەن ئازادی بین لە پێشدا توانای هەڵبژاردنمـان هەبێـت و ئەمەش دژ بە هەر چەشـنە قەدەر و جەبرێـک دەوەسـتێتەوە. (بەرلین، ١٣٧٩: ١٤). "کەواتە ئازادی سـەرچاوەیەکی گرنگ و بنەڕەتی بۆ بەرپرسـیاریەتییە. ئەگەر مرۆڤ خۆی لە جەبری ئـایینی و مێتافیزیکی ڕزگار نەکات باس لە بەرپرسـیاری خەیاڵە، هەروەها پێویسـتە مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا خاوەن ئازادی بێت بۆ ئەوەی خوی بە بەرپرسـیار بزانێت". "کەسـێکی وەکوو سـارتەر لە فەلسـەفەی ئێگزێستانسیالیستدا لای وابوو، مرۆڤ خۆی بەرپرسـی بوونی خۆیەتی. سـارتەر دەڵێت: بوون پێش چییەتی دەکەوێت و مرۆڤ بەرپرسـی بوونی خۆیەتی. تاکی مرۆڤ خوی خاوەن خۆیەتی و سەربەستیشە، کەواتە مرۆڤ سەرەڕای ئەمانە، بەرپرسی سەرجەم مرۆڤەکانی تریشە." (رحیمی، ١٣٤٦ : ٣٢-٣١).

لێرەدا مرۆڤ لە هەڵبژاردنی خۆیدا ئازادە و هەرکام لە ئێمە لە ڕێگەی ئازادی و ویستی سـەربەستیی خۆمانەوە، بوونی خۆمان هەڵدەبژێرین. کەواتە تاکی مرۆیی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکـانی خۆی سـەرجەم مرۆڤەکـانی دیکەی هەڵبژاردووە. هەڵبژاردن، سـەربەسـتی و ئازادی لە کردەدا خۆی دیاری دەکات و زەینی نییە. بەرپرسـیاربوونی ئێمە بەرفراوانتر لەوەیە ئێمە بیری لێ بکەینەوە. زوڵم و زۆر و کوشتن و بڕینی مرۆڤەکان لە لایەن دەسەڵاتێکی سـەرکوتکارەوە ئەوە نییە هەموو بێدەنگ بن و پشـتگوێی بخەن، بەڵکوو ئەرکی سـەرشـانی هەموو مرۆڤێکە ڕێگەی لێ بگرێت. کەواتە مرۆڤ سـەرەڕای ئەوەیکە ئازادە، لە پێناو ئازادییەک کە هەیەتی بەرپرسـیارە و مرۆڤەکانی تر چاویان لەو بڕیارەیە دەیدات، بەرپرسیاربوون لەهەمبەر خۆی و مرۆڤەکانی دیکەیە. مرۆڤ ئەگەر لە دونیایەکی داخراودا ژیان بەسـەر ببات، تووشـی تەریکبوون دەبێتەوە و هەر لە ناخی خۆیدا تووشـی دووڕوویی دەبێتەوە. کەواتە چەمکەکانی وەکوو ئازادی، بەرپرسیاری ئەرکی بەدواوەیە.

## پاراستنی ئەرک لە دۆخی نا-ئاساییدا

لە فەلسەفەی ئاکاردا سێ وشەی Dontologist، obligation، duty پەیوەندییەکی پتەویان پێکەوە هەیە. واتە ئەرک، بەڵێنی و زانستی ئەرکخوازی بە تووندوتۆڵی پێکەوە گرێیان خواردووە. یەکێک لەو فەیلەسووفانەی کەوا بەباشی لەسەر ئەم باسە خاوەن هەڵوێستە "ئمانۆئیل کانت"ی فەیلەسووفی ئاڵمانییە. کانت دەڵێ: "هیچ شتێک لەم دونیایەدا و تەنانەت لە دەرەوەی دونیادا نییە جگە لە "ویستی چاکە نەبێت." (کانت، ١٣٦٩: ١٢) مەبەست لە ویستی چاکە بە ئەنجامگەیاندنی ئەرک و بەڵێنییە. ئەگەر یاسایەکی ئاکاری هەبێت پێویستە بەبێ هیچ مەرجێک لە خۆیدا چاک بێت و بەهایەکی زاتی هەبێت. واتە ویستی چاکە بەپێی دەرەنجامەکانی ناناسرێت. بە دەربڕینێکی دیکە سەرچاوەی ویستی چاکە لە ئەنجامی کارەکەوە سەرچاوەی نەگرتبێت. بۆ نموونە: بکوژێک کە هیچ هاندەرێکی جگە لە ئیشی کوشتن و بڕین لە ژیانیدا نییە و بۆی هەیە لە خۆوە کارێکی باش بکات، بەڵام ئەم کارە مانای ئەوە نییە ئیدی بکوژ نەبێت. تەنیا چاکەی کردەیەک مانای ئەوە نادات ئەو کەسە کەسێکی خاوەن ئاکارە و پێویستی بە نییەتی بکەری کارەکەیشی هەیە، تا چ ڕادەیەک ئەو بکەرە ویستێکی چاک و ئینسانی هەیە. هەر لێرەوە کانت پەل بۆ "نییەتی جێبەجێکردنی" ئەرک دەکێشێت. کانت لای وایە ئاکارێک بەهادارە، سەرەڕای ئەوەیکە ئەو کارە پێویستە لەگەڵ ئەرکی نییەتی ئاکاریدا یەک بگرنەوە، پێویستە نییەتی ئاکاریشی بە پشتەوە بێت و نییەتیش هەمان پەیڕەوی لە یاسای عەقڵە. کانت دوو کردەی ئاکاری لێک جیا کردووەتەوە. ١ـ کردەیەکە لە پێناو ئەرکدایە، ٢ـ کردەیەکە لە پێناو جێبەجێکردنی ئەرکدایە. نموونەیەک بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو کردەیە دەهێنێتەوە. "فەرز کەین فرۆشیارێک لە کڕیارێک پارەی زۆر ناسێنێ، ئەم کارەی فرۆشیارە بەپێی ئەرکە، بەڵام لە پێناو جێبەجێکردنی ئەرکدا نییە. بۆی هەیە ئەم گران نەفرۆشتنە بە هۆی پاوانخوازی یان ترس لە خودا یان بۆ گەیشتن بە بەهەشت بێت" (کاپلستون، ١٣٨٠ : ٣٢٤). بەڵام ئەم کارە ئاکاری نییە و بەتەواوەتی کردارێکی نا-ئینسانییە و کانت لەم سەروبەندەدا ئاکارێکی ڕەها بەپێی بنەمای عەقڵ دێنێتە ئاراوە و دەڵێت: "کردارت بەپێی یاسایەک بێت مرۆڤەکان نەک وەکوو کەرەستە، بەڵکوو وەکوو ئامانجێک چاو لێبکەیت". یاسای دووەم ئەوەیە : "بەپێی یاسایەک هەڵسوکەوت بکە، کردارت ببێ بە یاسای گشتی". (کورنر، ١٣٨٠ : ٢٨٤)

## كۆتا بڕیار

کەواتە ئەرک و بەرپرسیارییە، ویژدانی مرۆڤەکان بەزیندوویی دەهێڵێتەوە. کۆمەڵگەی زیندوو کەسانیک دەیگێڕن لە دۆخە نا-ئاسییەکاندا لەباتی ئەوەی کە بە هەلپەرستی و پارە کۆکردنەوە و چاوبرسییەتی بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەسی خۆیان بجووڵێنەوە، هۆشیارانە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە و چینی هەژاریش ڕەچاو بکەن. بڕیار نییە کاتێک دۆخێکی نا-ئاسایی سیاسی یان ئابووری سەر هەڵدەدا کۆمەڵگەش ببن بە دڕندە و گورگی یەکتری هەرکەسە و بەپێی توانای خۆی دەبێت ئاگایان لە یەکتری بێت. دیارە کۆمەڵگەی گەندەڵ و دواکەتوو بەهاکانی ئاکار نامێنێت و هەلپەرستی و کەس لەکەسی باو دەبێت. لە کۆمەڵگە وەحشییەکانی کۆندا ئاکار و ڕەوشتی چاوبرسییەتی و هەلپەرستی تێدا باو بووە. بەڵام کۆمەڵگەیەک نەختێک ویژدان و بەرپرسیاریی مرۆیی تێدا مابێتەوە و مرۆڤەکان خاوەنی ڕەوشتی بەرز بن بەهۆشیارییەوە کۆمەڵگە دەپارێزن و ڕێگە نادەن کۆمەڵگەیان لە دۆخی نائاساییدا لەناو بچێت. لە کاتی قیرانەکان کاسانێک هەن بوێرانە و بەبێ بەرانبەر کۆمەڵگەی خۆیان دەپارێزن ئەمانە ویژدانی زیندووی کۆمەڵگەن و باشتر وایە نموونەی ئەم جۆرە کەسانە زیاتر بێت. ئەم کەسانەن وەکوو سەربازی ون ویژدانی کۆمەڵگە و ڕەوشتی کۆمەڵگە دەپارێزن و ڕێگە نادەن کۆمەڵگە لە لایەن کەسانی مشەخۆر و هەلپەرست لەناو بچێت.

### ژێدەری فارسی:


١.درامدی برفلسفەی اخلاق، بیرنارد ولیامز،ترجمەی سهراب علوی نیا،١٣٨٣ ، نشر مرکز

٢.تبارشناسی اخلاق، نیچە، ترجمەی داریوش اشوری، ١٣٧٩، نشر اگە

٣.فلسفەی اخلاق، ویلیام فرانکنا،ترجمەی هادی صادقی ١٣٨٣، نشر طە

٤.تاريخ فلســفەی کاپلســتون،[کانت] جلد ٦، ت. بزرگمهر و ســعادت ١٣٨٥، نشر علمی و فرهنگی

٥.اگزیستانسیالیسم و اصالت بشر، مصطفی رحیمی، ١٣٤٤،نشر نیلوفر

٦.چهار مقاله دربارەی ازادی، ایزایا برلین، علی موحد، ١٣٨٠، نشر خوارزمی

٧.کین توزی، ماکس شلر، ترجمەی، صالح نجفی، جواد گنجی، ١٣٨٨، نشر سالس

٨.فرهنگ فلسفی، جمیل صلیبا،ترجمەی منوچهر صانعی درەبیدی،١٣٦١، نشر حکمت

**ژێدەری کوردی:**

١.مێژووی فەلســــەفەی هاوچەرخ، وەرگێر، ســــەعید کاکی، چاپی ئاوێر، هەولێر،٢٠١٣

٢.سەرەتاکانی فەلسەفەی ئاکار، وەرگیڕ، سەعید کاکی، دەزگای ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠١٣

٣.بنەماکانی فەلســەفەی ئاکار، وەرگێڕان و کۆکردنەوە، ســەعید کاکی، چاپی ئاوێر، ٢٠١٥

٤.مێژووی فەلســــەفەی راتلێج بەرگی ٦ ئایدیالیزمیی ئاڵمانی، وەرگێڕانی. سەعیدکانی